# وەرە و کانیی عەشقم کوێر مەکەوە

سیروان کاروانی

وەک هەورەتریشقەی ناخی زستانەکان وەرە
وەک گرمەی نێوان قۆپکی
شاخە سەرکەشەکانی سروشتی جوانیت وەرە
ئەی هەمیشە بەهار
ئەی سەرداری ناو گوڵزار
دە وەرە سەردەربێنە و
ئەمساڵم لێ بکە بە پار
ئەو پارەی ئەز تیایدا
مرۆڤێکی تر بووم و ڕەنگێکی ترم هەبوو
ئەو پارەی لە نەهامەتییەکاندا
بۆشاییەکانی ژیانی پڕدەکردمەوە و
تۆ و گشت جیهانم هەبوو
وەرە
لەم کەنارە سەختەی غوربەتدا
تا دەرکەوتنت لەنگەر دەگرم
تا دڵی تینووم ئاو دەدەیت و
تا ساتێ بینایيم ڕووناک دەکەیتەوە
هەموو ڕوانینەکانت لە باوەش دەگرم
وەرە
دە وەرە و کانیی عەشقم کوێر مەکەوە
وەرە ئەمجارەش ڕوو لە ژیان کەوە!

2004.07.22